

گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 2978 (PP 35-49)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.3

توێژینەوە

# دوالیزمی ئایین و نیشتمان لە شیعرەکانی (صافی هیرانی)دا

**کامـران ابابکر خضر خۆشــناو /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق
**عبدالله محمد خالد /** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە ، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

## پوختە

ئەدەب وەکو بوارێکی هەستیار و کاریگەری دیاری گەشەی مرۆڤایەتی، ڕەوتی هەر کۆمەڵگایەك پیشاندەدات. لەو دیدگایەی شیعریش وەکو هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەب خاوەن ئەدگار و بنەما و ئەرکی تایبەت بەخۆیەتی و لەو ڕێگەیەوە پەیام و مەبەستی خۆی ئاراستەدەکات، بەمەش هەر دەقێکی شیعری خاوەن ئەرکە و بارگاوییە بە پەیامێك یان زیاتر، ئینجا ئەم پەیامە لە خزمەتی لایەنە هونەرییەکەدا بێت یان ئەرکێکی مرۆڤایەتی پێسپێردرابێ و بۆ مەبەستی خزمەتکردن بە ژیان هاتبێتەکایەوە. لەم سۆنگەوە ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (دوالیزمی ئایین و نیشتمان لە شیعرەکانی صافی هیرانی)یە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەرکی شیعر وەك ڕێگایەکی بەشدار لە بونیاتانی پەیامی شیعریی بەگشتی و دەرخستن و دیاریکردنی پەیامە شیعرییەکانی شاعیر بەتایبەتی، چونکە شیعر وەک گوزارشتکارێك هەڵقوڵاوی بیر و ناخ و دەروونی شاعیرە و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای بەسەرەوە دیارە و هەر لەوێش دووبارە کار لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگە دەکات، ئەمەش لەسەر توانا و لێهاتوویی شاعیرەکە وەستاوە، بۆیە شاعیر (صافی هیرانی) لەپاڵ گرنگیدان بەلایەنە هونەرییەکەی شیعر، شیعرەکانی تژین لە ئەرك و پەیام، لەوانە؛ ئەرکی (ئایینی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی...)، لەم دیدگەیەوە میتۆدی ئەم توێژینەوەیە (میتۆدی کۆمەڵایەتی )ە و لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تیۆرییە؛ تایبەتە بە باسکردنی چەمك و پێناسەی ئەرك، پەیامداری ئەدەب و ئەدیب، پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا، ئەدەب و ئایین وئەرکی ئەدەب و شیعر کراوە، بەشی دووەمیش، کە کرۆکی توێژینەوەکەیە و بەشێکی پراکتیکییە دۆزینەوە و پیشاندانی ئەرکەکانی (ئایینی، نیشتمان)یە لە دەقەشیعرییەکانی (صافی هیرانی) پیشاندانی جیهانبینی شاعیرە.

CORRESPONDENCE
کامـران ابابکر خضر خۆشــناو
kamaran.khudhur@su.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/ 15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئەرك،
ئەدەب،
ئایدۆلۆژیا،
ئایین،
نیشـــتمان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**0- پێشەکی:**

لە دیدگەی ئەوەی شیعر هەڵقوڵاوی ناخ و هزر و بیری مرۆڤە، بۆیە ئەم ژانرە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی بەسەرەوە دیارە، لەلایەك بە کۆمەڵگە و ژینگەکەی کارتێکراوە و لەلایەکی دیکە لەسەر ڕەوتی ئاراستەکردنی کۆمەڵگە کاریگەرە، چونکە شاعیر لە ڕێگای دەقەشیعرییەکانی پەیام و مەبەستی خۆی ئاراستە دەکات، بەمەش هەر دەقێکی شیعریی خاوەن ئەرکە و بە پەیامێك یان زیاتر بارگاوییە، جا ئەو پەیامە لە خزمەتی لایەنە هونەرییەکەیدا بێـت، یان ئەرکێکی مرۆڤایەتی پێسپێردرابێ، لەم سۆنگەوە ئەگەر سەیری دەقەکانی (صافی هیرانی)ی بکەین، دەبینین؛ لەپاڵ لایەنە هونەرییەکەیدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان شیعرەکانی جۆرێك لە ئەرك و پەیامییان تێدایە.

**0-1:ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (دوالیزمی ئایین و نیشتمان لە شیعرەکانی صافی هیرانی)یە.

**0-2:گرنگی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا بابەتی ئەرکی شیعر وەك ڕێگایەکی بەشدار لە بونیادنانی پەیامی شیعری ناسێنراوە، وەك دەشزانرێت جۆری ئەرك و پەیامی هونەرییانەی دەقیش لەسەر توانا و لێهاتوویی دەقنووس وەستاوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە باس لە ئەرکی ئایینی و نیشتمانی لە شیعرەکانی (صافی هیرانی) دەکات، کە شاعیر دەقەشیعرییەکانی چۆن و بە چ شێوازێك بونیاتاوە.

**0-3:ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەرکی شیعر بەگشتی بناسێنێت، پاشان چۆنییەتی و ئاوێتەبوونی ئەرکی ئایینی و نیشتمانی لە شیعرەکانی (صافی)ی دەخاتەڕوو، هاوکات بەشێوەی پراکتیکیش بە پشت بەستن بە دەقە شیعرەکان کاری لەسەر هەر دوو چەمکەکە کردووە، لەلایەکی تر ئامانجی ئەوەیە توخمی زاڵی نێو دەقەکانی شاعیر بدۆزێتەوە و پێناسەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ دەقەکان بکات و جیهانبینی شاعیر پیشانبدانت.

**0-4: میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، لە ڕوانگەی ئەوەی نووسەر دەرهاوێشەی ژێرخانی کۆمەڵگەیە و پەیامەکانیشی ئاراستەی کۆمەڵگەی دەکاتەوە، بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە هەیە، بەمەش سەرخان و ژێرخان دوانەیەکی لێکدانەبڕا و بەیەکەوە بەستراوەن.

**0-5: پرسیاری توێژینەوەکە:**

هەموو توێژینەوەیەك بۆ ئەوە ئەنجامدەدرێت؛ کە چارەسەر بۆ گرفتێك بدۆزێتەوە، یاخود لایەنە نەزانراوەکانی بابەتێك ئاشکرا بکات، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات؛ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- ئایا لەنێوان ئایین ونیشتمان کامیان دەبنە ناسنامە ومۆرکی دەقەکانی سافی هیرانی؟
- ئایا لایەنی زاڵ لە شیعرەکانی (سافی هیرانی)دا کامەیە؟
- ئایا بونیاتی کام لە دەقەکانی سافی هیرانی (ئاینیی، نیشتمانیی) لە ڕووی هونەرییەوە باڵاتر؟

**0-6: سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیعرە کوردییەکانی (صافی هیرانی)ی.

**0-7: پێكهاته‌ی توێژینه‌وه‌كه:**

ئه‌م توێژینه‌وه‌یه له دوو به‌ش و پێشه‌كییه‌ك و ئه‌نجام پێكهاتووه، به جۆرێك به‌شی یه‌كه‌م بۆ زاراوه و چه‌مكی ئه‌رك و په‌یوه‌ندی ئایین و ئه‌ده‌ب و ئایدۆلۆژیا ته‌رخانكراوه، له به‌شی دووه‌مدا ئه‌ركی شیعر و په‌یامداركردنی به شێوه‌ی پراكتیكی و له‌سه‌ر ده‌قه‌شیعرییه‌كانی (صافی) به‌جێهێنراوه، به‌جۆرێك له سه‌ره‌تادا شیعره ئایینییه‌كان و دواتر شیعره نیشتمانییه‌كان خراوه‌نه‌ته‌ڕوو.

**1- زاراوه و چه‌مكی ئه‌رك:**

**1-1: ئه‌رك:**

ئه‌رك زاراوه‌یه‌كی كوردییه و به‌شێوه‌یه‌كی به‌ربڵاو له نێو زمانه‌كه‌دا به‌كارده‌هێنرێت، ئه‌م وشه‌یه له ڕووی واتاوه هاوتایه له به‌رانبه‌ر وشه‌ی (وظیفه) له زمانی عه‌ره‌بی و (Function) له زمانی ئینگلیزییدا، مه‌به‌ستی به‌كارهێنانیاشیان جێبه‌جێكردنی كار و مه‌به‌ستێكه.

**2-1: چه‌مكی ئه‌رك:**

به‌كارهێنانی زاراوه‌ی ئه‌رك له زمانی ڕۆژانه‌دا به واتای به‌جێگه‌یاندنی كار و مه‌به‌ستێك دێت، كه پێویسته له لایه‌ن وه‌رگر ئه‌نجام بدرێت، له فه‌رهه‌نگی (خاڵ)دا به: ((ئیش و كاری زۆر ڕه‌نجی سه‌رشان/ فیسار كه‌س (ئه‌رك)ی زۆر هه‌یه))(خاڵ، 1366: 73) لێكدراوه‌ته‌وه، كه به واتای ڕاپه‌ڕاندنی كارێك یاخود ئه‌ركێك دێت، به‌سه‌ر كه‌سێك یاخود كه‌سانێك بۆ ئه‌وه‌ی ڕایپه‌ڕێنێن، له دۆخێكی له‌م شێوه‌یه‌دا كه‌سه‌كه ئاراسته ده‌كرێت بۆ جێبه‌جێكردنی كاره‌كه، به‌ڵام به‌كارهێنانی زاراوه‌كه له نێو ئه‌ده‌ب جیاوازه، جیاوازییه‌كه‌شی بۆ سروشتی كاری ئه‌ده‌بی و پێكهاته‌كه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه، به‌واتایه‌كی تر؛ ئه‌گه‌رچی كه‌ره‌سه و ئاڵاڤی شیعر زمانه، به‌ڵام كام زمانه!

زمانێكی ناڕاسته‌وخۆیی به‌رزیی هونه‌رییه و شێوازی به‌كارهێنانی جیاوازه، واته؛ بابه‌تی ئه‌رك له نێو ئه‌ده‌ب به گشتی و (شیعر) به‌تایبه‌تی، په‌یوه‌سته به په‌یامداری ده‌قی شیعری بۆ بابه‌ت و لایه‌نێك و مه‌به‌ستێك، كه ئایا (ده‌ق)ه‌كه هه‌ڵگری چ په‌یام و دیدگه‌یه‌كه؟ چونكه هه‌ر ده‌قێكی شیعری خاوه‌نی په‌یام و ئه‌ركێك یان زیاتره، ئه‌و ئه‌رك و په‌یامانه‌ش گوزارشتن له دیدگه و ژیانبینی شاعیر، هه‌ر له‌و سۆنگه‌شه‌وه ده‌قه‌كه چنراوه، بۆیه كاتێك ئه‌و ده‌قه له شاعیره‌وه ئاراسته‌ی خوێنه‌ر و وه‌رگر ده‌كرێت، هه‌ست به په‌یام و ناوه‌ڕۆكه‌كه‌ی ده‌كرێت، هه‌ندێكجاریش (خوێنه‌ری نموونه‌یی) نه‌بێت له په‌یام و مه‌به‌سته‌كه تێناگات، چونكه وه‌كو گوترا: زمانی شیعریی، زمانێكه پڕه له ڕه‌مز، به ئاسانی ڕام ناكرێت، پێویستی به پاشخانێكی فراوانی ئه‌ده‌بی و ڕۆشنبیریی هه‌مه‌لایه‌نه هه‌یه.

**3-1: (په‌یامداری ئه‌ده‌ب و ئه‌دیب):**

بیروبۆچوونی به‌كارهێنانی هونه‌ر بۆ خزمه‌تكردنی ژیانی مرۆڤ و كۆمه‌ڵ مێژوویه‌كی دێرینی هه‌یه، له ناو هه‌ر میلله‌ت و له هه‌ر سه‌رده‌مێكدا به‌شێوه‌ی جیا جیا به‌ده‌رده‌كه‌وێت، بۆیه ئه‌گه‌ر مرۆڤ بونه‌وه‌رێكی كۆمه‌ڵایه‌تی بێت، ئه‌ده‌بیش ئه‌زموونێكی مرۆڤایه‌تییه، له شارستانییه‌تی یۆنانی كۆن و وردتریش له كتێبی (كۆمار)ه‌كه‌ی (ئه‌فلاتوون 427- 347)؛ كه تێیدا شیعر و هونه‌ری ڕه‌تكردۆته‌وه، چونكه باوه‌ڕی وابوو؛ كه چاره‌سه‌ری هه‌قیقه‌ت ناكه‌ن، ته‌نیا به پێدراوه هه‌ستییه‌كان ده‌وه‌ستێت، كه ئه‌وانیش له بنه‌ڕه‌تدا وێنه‌یه‌كی ناته‌واو و شێوێنراوی جیهانی باڵان، بۆیه كاتێك كۆمه‌ڵی بۆ چه‌ند ده‌سته و تاقمێك دابه‌شكرد، ئه‌وه شاعیرانی خسته ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی كۆماره‌كه‌ی، چونكه ئه‌و پێی وابوو؛ كه شاعیره‌كان به شیعره‌كانیان هه‌ستی خه‌ڵك ده‌وروژێنن و به‌ره‌و لایه‌نی بێئاگایی بانگیان ده‌كه‌ن، به‌ڵام دواتر ده‌رچه‌یه‌كی بۆ ئه‌و شاعیرانه هێشته‌وه، كه ستایشی خوداوه‌ند و پاڵه‌وان و ناوداره‌كان ده‌كه‌ن (الماضي، 2010: 28)، به‌مه‌ش شیعری له‌پێناو شیعرییه‌ت ڕه‌تكرده‌وه و بانگه‌شه‌ی هونه‌رێكی ڕه‌وشتی په‌یوه‌ست به شه‌رع و ده‌ستوور و دابونه‌ریتی كرد، له‌لایه‌كی دیكه، (ئه‌ره‌ستۆ 238- 322) له كتێبی (پۆیه‌تیكا- هونه‌ری شیعر)دا، باس له ئه‌فسوون و كاریگه‌ری (هۆنراوه‌ی مه‌رگه‌سات/تراژیدی) ده‌كات، وه‌ك مامۆستاكه‌ی- (ئه‌فلاتوون)، پێیوایه ئه‌م جۆره هۆنراوه‌یه هه‌ستی (ترس و به‌زه‌یی) گه‌شه پێده‌دات، كه‌چی هه‌ر به‌م هۆیه‌ش پێچه‌وانه‌ی ڕای مامۆستاكه‌ی به به‌رزترین جۆری شیعری داده‌نێت، هه‌بوونی به

گرنگ دەزانێت و بایەخی پێدەدات، چونکە پێی وابوو؛ ئەگەرچی ئەم جۆرە هەستی (ترس و بەزەیی) زیاتر دەورووژێنن، بەڵام پێشیدەگەیەنێت، چونکە کاریگەرییەکەی لەوەدایە؛ وا لە بینەر دەکات، بەهێزبێت بۆ داهاتووە نادیارەکەی و ئامادەبێت، ئەویش لە ڕێگەی (پاککردنەوە)، بەواتایەکی تر: (تراژیدیا بوارمان بۆ دەڕەخسێنێ سۆزە زیادە کەبتکراوەکانمان سەرف بکەین، وادەکات مرۆڤ زیاتر دڵشادبێت،) (کالەر، 2020: 23)، چونکە ئازاری پێشاندەدرێت، نەك ئازار بدرێت، بەمەش مرڤێکی تەندروستتر لەوەی پێشووتر پێشکەش بە کۆمەڵ دەکات، واتە (ئەرەستۆ) حاشا لە کاریگەریی ئەدەب و شیعر لە سەر ڕەوش و ڕەوت و ڕەوشتی تاك و کۆمەڵگە ناکات، ئەمیش بۆ هەر هەمان مەبەست هونەر دەبینێت و پێیوایە هونەر و ئەدەب چێژ و سوودیشە.

دواتر نووسەری ڕۆمانیی (هۆراس 65- 8پ.ز) لە کتێبی (هونەری شیعر)دا، سێ ئەرك بۆ شیعر دیاریدەکات، کە: (سوودبەخشین، چێژ و لەزەت پێگەیاندن، یان سوودبەخشین و چێژ و لەزەت پێگەیاندن) (هۆراس، ٢٠٠٥: ٩) بەمەش خاڵی سێیەمی دەکەوێتە بەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە، دەبێت و مەرجە؛ کە ئەدەب سوودبەخش بێت سەرەڕای لایەنە ئیستاتیکییەکەی، لەم دیدگەوە ئەدەب و شیعر دەبێت لە خزمەت ئایدۆلۆژیایەکدابن

لەسەدەی نۆزدەمیش بە جۆرێك لە جۆرەکان بایەخ بە هونەر و ئەدەب درا، کە واقعی و سروشتین، بەو واتایەی، ئەدەب چەشنی ئاوێنەیەکی ڕوو تەختە، بەرانبەر کۆمەڵگە وەستاوە، ڕەنگدانەوەی تەواوی بارودۆخەکانییەتی، ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەدەب گرێداوی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، ئەم بۆچوونەش لای زۆربەی نووسەرانی(فەلسەفەی مارکسی)ی و ئەورووپی بووە جێگەی بایەخ، وەك ( جۆرج بیلخانوف ١٨٥٦-١٩١٨)ی ڕووسی، دەڵێت: (هونەر بۆ هونەر دیاردەیەکی بۆرژوازییە، بۆیە ئەگەر بەرهەمی هونەری ناوەڕۆکێکی جڤاکی و ڕامیاری لەخۆنەگرتبێت، بارودۆخی کۆمەڵگە ناگۆڕێت) (بامەرنی، 2007: 31) و چەقبەستوو دەبێت، چونکە ئەو ئەدەب وەك ئامرازێك بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤایەتی دەبینێت، بەمەش دەبێت هەر دەقێك پەیام و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی لەخۆگرتبێت، کە خزمەت بە چینی ژێردەستە بکات و گوزارشت لە بارودۆخ و ناخیان بکات، (هیپولیت تین ١٨٢٨-١٨٩٣)یش، لە پێشەکی کتێبەکەی(مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی)، سێ هۆکاری سەرەکی لەسەر کارتێکردنی ئەدەبی دیاریدەکات: ئەوانیش: (ڕەچەڵەك/ڕەگەز): کە تایبەتمەندی نەتەوایەتی دەگرێتەوە، (ژینگە): ئەو شوێنەی، کە ئەدەب و ئەدیب تێیدا دەژیت، (مێژوو/سەردەم)یش: ئەو سەردەم و قۆناغەی، کە ئەدیب و ئەدەبی تێدا لەدایك دەبێت، دەگرێتەخۆ.(ڕۆبێرت ئیسکارپیت، 2018: 30) هەڵبەتە هەر تاکێك/شاعیرێك لە نەتەوەیەك و نیشتمانێك و قۆناغ و بارودۆخێکدا دەژیێت، بەمەش دەق و شیعرەکانی ڕاستەوخۆ گرێدراوی خودییەتی شوناسییەتی، چونکە شیعر ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگە و بارودۆخەکانی ئەدیب/شاعیرن.

لە مێژووی نوێدا ڕۆماننووسی ڕووسی (تۆڵستۆی 1828- 1910) لە کتێبی (هونەر چیە؟)، گرنگییەکی تایبەتی بە بەیەکەوەبەستانی هونەر و جڤاك داوە، باوەڕی وایە: (هونەر باشترین ئامرازە بۆ چاککردنی بارودۆخی مرۆڤایەتی- کۆمەڵایەتی، کە مرۆڤی بەرەو خۆشی دەبات)، (تۆڵستۆی، 2009: 25)، هەروەها (جۆرج لۆکاش 1885- 1971)یش دەڵێت: (ئەدەب بەشێکی نەپچڕاوی سەرجەم بەشەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵە) (لۆکاچ، 2007: 14)، واتە پێداویستی قۆناغێکی دیاریکراوە لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا، بەمەش شیعر دارەدەستی شاعیرە بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە، بە واتایەکی دیکە؛ شیعر ئەو ئامرازە بەهێز و کاریگەرەن بە دەستی شاعیرەوەن، کە توانای گۆڕینی کۆمەڵگەیان لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر هەیە، چونکە لێرەدا ئەدەب پەیامێکی چاکسازی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەگرێتەوە، لە دیدگەی سوود و قازانج سەیری شیعر دەکرێت.

لەو دیدگایەی، کە ئەدەب و شیعر دەبێت لە خزمەت ئایدۆلۆژیایەکدابێت، لێرەدا بە کورتی باس لە ئایدۆلۆژیا و پەیوەندی نێوانیان (ئەدەب و ئایدۆلۆژیا) دەکەین.

### 1-4:ئەدەب و ئایدۆلۆژیا:

زاراوەی ئایدۆلۆژیا لە بنەڕەتدا زاراوەکی فەڕەنسییە، بەرانبەر بە وشەکانی (ڕێکخستنی بیروباوەڕ و هزر) (عروی، 2012: 9) دێت، ئەم زاراوەیە واتایەکی تایبەت و جێگیری نییە، بەڵکو مانایەکی فراوانی هەیە، کە لەڕووی زمانییەوە: ((ئایدۆلۆژیا زانستی هزرەکانە، یان زانستی بارە هەستییەکانە) (نادیە، 2006: 19)، ئایدۆلۆژیا لە ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیرییەکاندا زۆرتر لە بواری بیروباوەڕی ئایینی و ڕامیاریی بەکاردەبرێت. بەپێی زۆرێك لە فەرهەنگی میللەتان، ئایدۆلۆژیا بریتییە لەهزری تاك و کۆمەڵ لەسەردەمە

جیاوازەکاندا، ئایدۆلۆژیا بۆ زۆر ئاراستە بەکاردێت، وەك ئایدۆلۆژی کراوە، ئایدۆلۆژی داخراو، ئایدۆلۆژی سەرمایەداری، ئایدۆلۆژی بەکاربەر، بەمەش ئایدۆلۆژیا سیستەمێکی هزرییە، یان پێکهاتووە لە کۆمەڵێك هزر، کە کۆمەڵێك خەڵك بەکاریدەهێنن، لەمر ڕوانگەیەوە سەیری جیهان و ڕاڤەی دەرهاویشتەکانی دەکەن، بەمر هزرە وێنەی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ژیان دەکێشن (عنکوش، 2016: 6)، واتە ئایدۆلۆژیا ئەنجامی بیرکردنەوە و وێناکردنی تێگەیشتنی خەڵکە.

لەمر سۆنگەوە ئایدۆلۆژیا (کۆمەڵە بیروڕایەکە گوزارشت لە هەڵویستە دیاریکراوەکانی مرۆڤ دەکات، بەرانبەر بە مرۆڤ و سروشت و جیهانی کۆمەڵایەتی، بەمەش لەگەڵ زاراوەی -بڕوا- هاوتەریب دەبێت، -چونکە- ئەگەر بڕوا پەیوەست بێت بە ئایین، ئەوا ئەمیش پەیوەستە بە قیەمی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری) (الماضی، 2010: 134) ئەمر پێناسەیە بە شێوەیەکی گشتیی زاراوەکەی ناساندووە، لەلایەکی دی، (کارڵ مارکس 1818- 1883) ئایدۆلۆژیا بە بەرهەمر و ڕێکخەرێکی هزریی کۆمەڵگەی دادەنێت، وەك دەڵێت: (ئایدۆلۆژیا وێناکردنی ئایین و فەلسەفە و یاسایە لەناو کۆمەڵگەدا) (فریفل، 2019: 44) بەمەش ئایدۆلۆژیا بیری ئەو چینە دەستڕۆیشتوانەیە، کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانیان یەکانگیرە، (دورکهایم ١٨٨٥- ١٩١٧)یش پێی وایە؛ ئایدۆلۆژیا ناسنامەی کۆمەڵێك دەپارێزێت ململانێی بەرژەوەندی هزری و کۆمەڵایەتی و چینایەتییە، هەر بۆیە ئایدۆلۆژیا وێناکردنی چینێکە، یان کۆمەڵێکە؛ کە ماوەیەکی کاتی کۆمەڵگە بەهزرەکانیان دەبەستێتەوە، (السدیس، 1998: 3).

لە سۆنگەی ئەوەی هەموو ئایدۆلۆژیایەك بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، هەموو ئایدۆلۆژیایەك دەیەوێت کۆمەڵگە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بەرێت، کە مەبەستییەتی، بەمەش هەر ئایدۆلۆژیایەکیش پێویستی بە جۆرێك پرۆگرام و پاڵپشتییەکی چینێك هەیە، تاکو بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامەکەیان و گەیاندنی پەیام و نەخشە ڕێگاکانییان بیکەن بە ئامرازێك، لەمر پێناوەدا سوود لەهەموو چالاکیە مرۆییەکان (ئەدەب، هونەر، شانۆ، مۆسیقا، وەرزش...) وەردەگرن، هەوڵدەدەن ئەو چالاکییە مرۆییانە لە ڕێگەی پارت و ڕێکخراوەکانییان، بەکاربهێنن، بۆ بردنە پێشەوەی بەرنامە و بەرفراوانبوونی پێگەیان لەناو خەڵکدا، لەوێوەش گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکانیان، لەمر ڕوانگەوەی کە ئەدەب بەرهەمی بیری مرۆڤە، بۆیە ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیستەکان وەکو هۆکارێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، واتە ئەدەب لای ئەوان (هۆکارە نەك ئامانج)، (ئامرازە نەك مەبەست)، بە واتایەکی دیکە؛ ئایدۆلۆژیا بەناو زۆربەی زانستەمرۆییەکاندا ڕۆچووە و گەشە و نەشونمایکردووە و کاریگەری بەسەریانەوە هەیە، ئەدەبیش کە سەرچاوەکەی هەست و نەست و هزر و بیری مرۆڤە، بۆیە خۆی خستۆتە ناو ئەو هزروبیرە، کە خۆی ڕەگەزێکە لە پێکهاتەی بونیاتی شیعر، ئامادەبوونی ئەمر ڕەگەزەش هەندێکجار ڕاستەوخۆ و هەندێکجاریش ناڕاستەوخۆ دەبێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە زۆربەی جار دەقی شیعری ناسنامەی شیعرییەتبوونی لەدەستبدات و لە نێو ئایدۆلۆژیادا بتوێتەوە و ئەرکە گرنگەکەی خۆی لێ ون ببێت و لە ئیستاتیکا دابماڵرێت، بەمەش جۆرە دەقێك بەرهەمر دێت، کە هەژموونی ئایدۆلۆژیی بەسەریدا زاڵە و تاڕادەیەکی زۆر خاڵییە لە بەهای هونەری، لە دۆخێکی لەو شێوەیەشدا دەق وەکو ئایدۆلۆژیایەکی ڕووت تەماشا دەکرێت، نەوەك دەقێکی ئیستاتیکیی و هونەریی.

لێرەدا ئەدەب ناتەبا و دژ لەگەڵ ئایدۆلۆژیا دێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەدەب ئامانجی گەیشتنە بە ڕووبەری جـوانی و ئیستاتیکی، ئامانجی گەشەکردن و نوێبوونەوەی زمانە، ئامانجی ئارامبوونەوەی دەروونی مرۆڤ و پڕکردنیەتی لە چێژ، ئامانجی بەرەوپێشبردن و بەرز ڕاگرتنی بەها مرۆییەکانە، کەچی ئایدۆلۆژیا هیچ بەهایەك بۆ ئەو ئامانجانەی ئەدەب دانانێت و وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بە مەبەست و مەرامی خۆی بەکاریدەهێنێت، بەمەش ئەدەب/شیعر لە بەها و ئامانجەکانی دادەشۆرێت، تا ئەو ئاستەی ئەگەر ئەدەب/شیعر بەو ئاڕاستە دیاریکراوەی ئایدۆلۆژییەکان ئیش نەکات بە ئامرازێکی بێ بەهاو بێ کەڵك دادەنرێت و چاوی لێدەکرێت، نووسەر و ئایدیاکانیشیان مەحکومر دەبن بە لادان و دەیان ناو و ناتۆرەی دروستکراو، بۆ نموونە (مارکسیست)ەکان بە نووسەرەکانی دەرەوەی خۆیان دەڵێن: (نووسەری بۆرژوازی، لیبراڵ،...)، هەروەها (ئیسلامیی)یەکانیش نووسەرەکانی دەرەوەی خۆیان بە تایبەت، نووسەرە سۆشیالیست و کۆمەنیستەکان بە (کافر و مولحید) لە قەڵەمر دەدەن و نووسینەکانیشییان بە شتێکی بێ بەها چاو لێدەکەن، (حەسەن، 2020، ٢١)، (ناسیۆنالیست و نەتەوەپەرست)ەکانیش بە هەمان شێوە باس لە (تابووری پێنج و خائین، بەخاك و نیشتمان خۆفرۆش ...) ناو دەنێن، بەواتایەکی دی، ئایدۆلۆژیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەموو مرۆڤێك هەیە و ئەگەر مرۆڤ کوێرانە پابەند بوو بە بیروباوەڕەکەی، جگە لە خۆی و ئەو کەسانەی سەر بە هەمان ئایدۆلۆژیان، کەسی پێ ڕاست نابێت، بەهەمان شێوە نووسەرانیش کاتێك بەتوندی پابەندی باوەڕەکانیان دەبن، ئەمر پابەندییە کار لەسەر سەر دەقەکانیان دەکات، بۆ نموونە ڕێکناکەوێت شاعیرێکی (سەلەفی)، شیعرێکی مۆدێرن و تازەگەر بنووسێت، یان شاعیرێکی (کۆمۆنیست) نابینی کار لەسەر جۆرێك دەق بکات، کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکەی ئەو نەگونجێ. بەمجۆرە ئایدۆلۆژیا کار لە ناوەڕۆك و پەیامی شیعر دەکات و وا لە شاعیر

ده‌كات، كه‌ جێی ڕه‌زامه‌ندی هه‌موو لایه‌ك نه‌بێت و ته‌نیا ئه‌وانه‌ پێی ڕازی بن، كه‌ لایه‌نگری ئه‌و ئایدۆلۆژیایه‌ن، له‌م حاڵه‌ته‌شدا ده‌ق كرچوكاڵ ده‌رده‌چێت.

لێره‌دا ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت، كه‌ هه‌موو ئایدیۆلۆژییه‌كان به‌بێ جیاوازی، هیچ به‌هایه‌ك بۆ ئه‌ده‌بی ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌كانی خۆیان دانانێن، هه‌موویان ئه‌ده‌ب وه‌ك هۆكار و ئامراز و ده‌زگایه‌ك سه‌یر ده‌كه‌ن، نووسه‌ر و ئه‌دیبه‌كانیش وه‌كو كه‌سانی وابه‌سته‌ و كۆیله‌ و ملكه‌چ ده‌بینن، بۆ نموونه‌: دوای ئه‌وه‌ی (به‌در شاكر سه‌یاب 1926- 1964)ی شاعیری ناوداری عێراقی، كه‌ واز له‌ حیزبی شیوعی دێنێت، ددان به‌وه‌دا ده‌نێت، كه‌ چۆن (ئایدۆلۆژیای كۆمۆنیست)ی وایكردووه‌، گه‌لێك شاعیری خراپ گه‌وره‌ بكرێن و به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌، بۆیه‌ كاتێك به‌راورد له‌ نێوان ئه‌و شیعرانه‌ ده‌كات، كه‌ له‌لایه‌ن شاعیرانی گه‌وره‌ی غه‌یره‌ شیوعیی نووسراون، له‌گه‌ڵ ئه‌و شیعرانه‌ی له‌لایه‌ن هاوڕێیانی شیوعییه‌وه‌ نووسراون، سه‌ری له‌و هه‌سته‌ سووڕ ده‌مێنێت، كه‌ ئه‌و خه‌ڵكه‌ بۆی دابه‌زیوون و مافی ئه‌وه‌شیان نییه‌ ناوی شاعیر له‌خۆیان بنێن.(السیاب، 2012: 54)، زیاتر له‌مه‌ش ده‌ڵێت، كاتێك باسی ئه‌وه‌ ده‌كات؛ كه‌ چۆن به‌هۆی بیروباوه‌ڕه‌وه‌ بڕیاری ڕه‌ها له‌سه‌ر شاعیران ده‌درێت، وه‌ك ده‌ڵێت: (ئێستا مه‌زنترین شاعیری هاوچه‌رخ، بێ هیچ ڕكابه‌رێك (ت. س. ئیلیۆت)ه‌، به‌ڵام به‌ بۆچوونی شیوعییه‌كان، ئه‌و شاعیرێكی كۆنه‌په‌رسته‌ و گوزارشت له‌ ئومێده‌ سیسه‌كانی چینی سه‌رمایه‌دار ده‌كات، ئه‌و گوزارشت له‌ ئایین و فه‌لسه‌فه‌ی ئایدیاڵیزم ده‌كات، كه‌واته‌ ئه‌و بۆچوونه‌كانی كۆنه‌په‌رستانه‌ و هه‌ڵه‌ن، شیعره‌كانیشی هه‌ڵه‌ن له‌ناو هه‌ڵه‌دا، كه‌واته‌ ئه‌و شاعیرێكی چاك نییه‌، نه‌خێر به‌ڵكو هه‌ر شاعیر نییه‌)) (سه‌یاب، 2018: 163)، له‌ ئه‌ده‌بی كوردیشدا، ئه‌گه‌ر سه‌یری ئه‌و شیعرانه‌ی (گۆران)ی شاعیر بكه‌یت، كه‌ له‌ ژێر كاریگه‌ریی بیری چه‌پ و ماركسییه‌ت نووسیویه‌تی، له‌ ڕووی هونه‌ریی و شیعرییه‌ته‌وه‌ زۆر لاوازن له‌ شیعره‌كانی دیكه‌ی.

ئه‌وه‌ی ماوه‌ته‌وه‌ بگوترێت؛ ئه‌گه‌رچی ئه‌ركی (ئیستاتیكی و جوانی) به‌ ئه‌ركی یه‌كه‌می ئه‌ده‌ب/ شیعر داده‌نرێت، به‌ڵام دواجار هیچ ده‌قێك نییه‌، به‌ده‌ربێت له‌ جۆرێك له‌ هزر و بیر، كه‌ ئه‌مانه‌یش ڕاسته‌وخۆ گوزارشتن له‌ دیدگای ده‌قنووس و ئه‌و ژینگه‌ و ژیاره‌ی لێیه‌وه‌ گۆشكراوه‌، چونكه‌ نوسه‌ر/شاعیریش تاكێكه‌ له‌ تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ و كاریگه‌ر و كارتێكراو ده‌بێت به‌ لایه‌نی (نه‌ته‌وه‌یی، سیاسی، ئایینی، كۆمه‌ڵایه‌تی...)، بۆیه‌ له‌م سۆنگه‌وه‌ ئه‌و ده‌قانه‌ به‌سه‌ركه‌وتووتر داده‌نرێن و زووتر جێگایان له‌ دڵ و ده‌روون و هزری خوێنه‌ر ده‌كه‌نه‌وه‌ و جێگیرده‌بن، كه‌ به‌ زمانێكی به‌رز چنراون و ئیستاتیكاییه‌كی به‌هێزییان تێدایه‌ و هاوته‌ریب و ته‌ژی و تێكه‌ڵه‌ن له‌ به‌ها مرۆییه‌كان و بیروباوه‌ڕه‌ گشتییه‌كان و ئایدۆلۆژییه‌ به‌رز و ڕێزلێگیراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌كه‌، به‌مه‌ش ئه‌ده‌ب ڕاسته‌وخۆ گوزارشتكار و ڕه‌نگدانه‌وه‌ی كۆمه‌ڵه‌ و ئامرازی باشتركردن و پێشكه‌وتن و پابه‌ندییه‌.

### 5-1:ئه‌ده‌ب و ئایین:

ئایین ئه‌و پێویستییه‌ ڕۆحییه‌یه‌، كه‌ هه‌میشه‌ مرۆڤه‌كانی بۆ لای خۆی كه‌مه‌ندكێش كردووه‌ و ده‌كات، خواستی ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ ڕۆح و ده‌روونی مرۆڤ به‌ لووتكه‌ی ئارامی بگه‌یه‌نێت، به‌ ده‌ربڕینێكی دی ئایین سه‌رچاوه‌ی كانیاوێكه‌ بۆ پاراوكردنی تینوێتی ڕۆح و پشوودانی ناخ و ئاسووده‌یی ده‌روون، ئایینه‌كانیش یاسا و ڕێسای كردار و ڕه‌وشتی مرۆڤانه‌یان له‌ سه‌رده‌می خۆیاندا سه‌قامگیركردوه‌، سه‌رچاوه‌ی خزمه‌تێكی زۆرن بۆ مرۆڤایه‌تی، بۆیه‌ له‌ جیهاندا تێده‌كۆشن ببن به‌ سه‌رچاوه‌ی كارگه‌لی باش و به‌كه‌ڵك بۆ كۆمه‌ڵگه‌. (قادر، 2023: 213)، هه‌ڵبه‌ته‌ مرۆڤ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دروستبوونییه‌وه‌ بابه‌تی ئایین به‌لایه‌وه‌ گرنگ و پیرۆز بووه‌، ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ كه‌ په‌رستش (عیباده‌ت) چه‌مكێكه‌ په‌یوه‌ست به‌لایه‌نه‌ رووحییه‌كه‌یه‌وه‌، (له‌ ڕاستیدا تایبه‌تمه‌ندی خودی مرۆڤه‌كان ده‌ریده‌خات كه‌ دروستكراوی خودایه‌ كه‌ هه‌رله‌ له‌ دایكبوونییه‌وه‌ به‌ درێژایی ژیانی پارێزگاری له‌و فیتره‌ته‌ كردووه‌ وه‌كو غه‌ریزه‌كانی مانه‌وه‌و سێكس و ...هتد) (اسماعیل، 2004: 17)، ئاشكرایه‌ ئه‌م بوونه‌وه‌ره‌ به‌ جۆرێك دروست (خلق) كراوه‌، له‌ نێو ناخی خۆیدا بیرده‌كاته‌وه‌ و هه‌میشه‌ به‌ دوای ئه‌فرێنه‌ری خۆیدا وێڵه‌، كه‌ ده‌یه‌وێت به‌ ڕاستییه‌كان بگات.

لێره‌وه‌ ده‌توانین بڵێین؛ ئایین و مرۆڤ دوانه‌یه‌كی دانه‌بڕاون و به‌رده‌وام به‌ شوێن یه‌كه‌وه‌ن، به‌ڵام مرۆڤ وه‌ك بوونه‌وه‌رێكی هۆشیار هه‌میشه‌ به‌ دوای سۆراغی ئایین و ئه‌فرێنه‌ره‌كه‌ی بووه‌، بۆ ئه‌وه‌ی بگات به‌و ڕاستییه‌ی، كه‌ باوه‌ڕی پێیه‌تی تاكو په‌رستشی بۆ بكات، ئاشكرایه‌ (مرۆڤ وه‌ك بوونه‌وه‌رێكی باڵا ده‌كه‌وێته‌ ژێر كاریگه‌ری و هه‌ژموونی ئایین و پێی سه‌رسام ده‌بێت، له‌ هه‌مانكاتدا مایه‌ی ئاسووده‌ییشه‌ بۆ ده‌روونی) (میراوده‌لی، 2012: 8) كه‌واته‌ ئایین وه‌ك ڕه‌هه‌ندێكی سروشتی زاڵه‌ به‌سه‌ر بیركردنه‌وه‌ و هه‌ست و سۆزی مرۆڤدا، كه‌ جگه‌له‌ ئاراسته‌كردنی بیركردنه‌وه‌ و پێدانی مه‌عریفه‌، هاوكات مایه‌ی چێژ و خۆشی به‌خشین و ئاسووده‌یی ده‌روونیشه‌، كه‌واته‌ ئایین ڕۆڵ له‌ ڕێكخستنی ژیان و ژیار و بیركردنه‌وه‌ی مرۆڤ ده‌گێڕێت.

ئەدەبیش چالاکییەکی مرۆڤایەتییە، بەو هەمموو بزێوی و بایەخەی هەیەتی پێگە و ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لەسەر هزر و بیری تاك و کۆمەڵ هەیە، بەجۆرێك ئەدەب تاکەکان ئاراستەدەکات و زۆرجار دەبێتە پێشەنگی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە، لەم سۆنگەوە (ئەدەب و ئایین) دوو بواری گرنگن و پێشەنگن، کە توانای دەستبەسەراگرتن و ئاراستەکردنی هزری تاکیان هەیە، پێشەوایەتی و بەشدارییەکی کارایان لە لۆژیکی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکاندا هەیە، بۆیە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایین کاریگەری زۆریان بەسەر یەکەوە هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای ڕامانە، ئایا ئەم دوو بوارە چۆن لە یەك دەڕوانن؟

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و جێی مشتومڕێکی زۆرە، بەدرێژای مێژوو سەرنجی زۆر لە توێژەرانی ئەم بوارەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، هەریەکەیان بە دیدگەیێکەوە لێی دواون و هەر لەوێش هەڵسەنگاندنیان بۆ زۆرینەی بەرهەمەکانیان کردووە، بۆیە هەندێك لە دەقی داهێنەرانیان بەرزکردۆتەوە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو و بەکارهێنراو بۆ خزمەتکردنی ئایدۆلۆژیاکانییان، کەچی هەندێکیشیانی وەلاوە ناون، تا ئاستی سەرزەنشتکردنیان ڕۆیشتوون.

لەم ڕوانگەوە ئەگەر سەیری مێژووی ئایینەکان بکەین، دەبینین پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئایین و ئەدەب هەبووە و هەیە، تەنانەت زۆرێك لە دەقە ئایینییەکان یان بە شیعر نووسراون یان تژین لە شیعرییەت، بۆ نموونە؛ ئەگەر لە ئەدەبیات و شارستانییەتی یۆنانی چەند هەزار ساڵێك بەر لە زایین وردبینەوە، دەبینین نووسینەوەی ئەدەبەکەیان بە ئەفسانە ئایینییەکانەوە دەستپێکردووە، ناوەرۆك و کاکڵەی ئەو ئەفسانانەش زیاتر لایەنی ئایینی لەخۆ گرتووە، لەم بارەیەوە دەگوترێت: (مێژوو پێمان ڕادەگەیەنێت، کە شیعری گریکی لە ژێر سایەی ئایینەوە سەری دەرهێناوە، هەروەها شانۆگەرییە کۆمیدی و تراژیدییەکان لەمیانی جەژن و بۆنە پیرۆزییەکانەوە بووە) (میران، 2010: 49)، لەلایەکی دیکەوە ئەدەبی (ڕۆمانی و فەڕەنسی و عەرەبی) هەمیشە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایینەوە، لێرەشەوە بووە بە سەرچاوە و ئیلهام بۆ گەشەکردنی زیاتر و داهێنانی ئەدەبی، دیارە ئەدەب و ئایین لەو خاڵەدا یەك دەگرنەوە کە پەیوەندییەکەیان بەرەو یەك ئاراستە هەنگاو دەنێن، کە هەردوو ڕەهەندەکە کار لەسەر لایەنی ڕۆحی دەکەن، چونکە ئەو ڕووبەرەی ئایین لەبارەیەوە کاردەکات بەشێکی گەورەی ((بریتییە لە دواندنی ڕۆحی مرۆڤەکان، بە هەمان شێوەش هونەر ئەو پانتاییە دەنوێنێت))(سەعید، 2019)، هەرچەندە شێواز و جۆری دواندنەکەیان جیاوازە، بەو پێیەی ئایین دواندنەکەی لەسەرەوەیە و زمانی گفتوگۆ کردنیشی لە ڕووی زانستییەوە ئاستێکی بەرزی هەیە، گوتارەکەشی گشتگیرە و بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمیش لە بەهاکەی کەم ناکات، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر لە گوتاری دەقی (قورئانی پیرۆز) بڕوانیین شێوازی ئەو گوتارەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، وەك دووبارەبوونەوەی دەستەواژەکانی (یا أیها الذین امنو، یا أیها الأنسان، یا أیها الناس)، دیارە ئەم گوتارە، بەرزی ئاستی زمانەکەی لە دواندنی بەرانبەرەکەیدا پیشاندەدات، چونکە لەکاتی بانگکردن و دواندنەکەدا ئاراستەکە ڕاستەوخۆ بۆ کەسێك یان گرووپێکی دیاری کراو نییە، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتییە لە هەموو کات و شوێنێکدا، هاوکات جۆرێکی تری شێوازی زمان لە نێو ئایین بابەتی هۆشداریدانە بە زمانێکی توند و لە شێوازی فەرمانکردن و هەندێکجار هەڕەشە ئامێزە.

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایین لە لای گەلە موسڵمانەکانیش بەگشتی و ئەو ئەدیبانە بە تایبەتی، کە خۆیان بە مەسەلە ئایینییەکەوە خەریککردووە، تەنانەت زۆرجار دەقەکانییان بە ئایەتێك/ یان ناوی سورەتێکی قورئان دەقئاوێزان کردووە، تەنانەت (قورئانیش کە پەرتووکی پیرۆزە- بە زمانێکی -ئەدەبیی دابەزیووە....) (حاجی، 2023: 43)، بەشێوەیەك پەیوەندی قورئان و شیعر گەیشتۆتە ئەو ڕادە بەهێزەی، کە گەلە بێباوەڕەکان، لە سەرەتای دابەزینی قورئاندا ئایەتەکانی بە شیعر و پەیامبەرەکەی بە شاعیر لە قەڵەم بدەن، بەڵام خودا لە قورئاندا وەڵامیان دەداتەوە و ئەو بۆچوونەیان ڕەتدەکاتە وەك لە قورئاندا هاتووە: ((وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ)) (یس: 69)، بۆیە ئەم ئایەتەش مانای ئەوەیە، کە ئیسلام لەگەڵ شیعردا نییە، بۆیە لە پێغەمبەر (د. خ)ی قەدەغەکردووە.

لەلایەکی دیکە ئەگەرچی (قورئان) خۆی بێبەری دەکات لەو شاعیرانەی، کە دەبنە هۆی جوڵاندنی هەست و سۆز و مرۆڤ بەرەو لایەنی ئارەزوو و هەوەسبازی دەبەن و هانی خەڵك دەدەن بەرەو کاری خراپ و باس لە شتە حەرامکراوەمان دەکەن، کەچی لە بەرانبەردا پشتگیری و ڕێگەدەدات بەو شاعیرانەی، کە شیعرەکانیان ناوەڕۆکێکی ئایینی و ئاکاری بەرزی مرۆڤایەتی تێدایە و کۆمەڵگە بەرەو لایەنی دروست و تەبا بە ئایینەکە ئاراستە دەکەن و بایەخ بە لایەنی هزر و بیر دەدەن و شیعرەکانیان بەر لە چێژ پەیام و سوودی تێدایە، بەمەش خەیاڵ و چێژ بایەخێکی ئەوتۆی نەما و شیعر سنووردارکرا و ئەفسانە و بیروباوەڕ و سیمبوڵەکانیان لە دەقەشیعرییەکان قەدەغەکران، لەلایەکی دی پەیوەندی نێوان شیعر و ئایین، لەناو کایەی (تەئویل/ ڕاڤە)وە بە مانا فراوانەکە خۆی

حەشارداوە، ئەدەب لە دەقە پیرۆزەکاندا سوود وەردەگرێت و لە گۆشەی ئایینی ڕەهاوە نزیکی ناکەوێت، بۆ ئەوەی خۆی تووشی کون و کەلەبەرەکانی فیقهو لاهوت نەکات بۆیە بە ڕاڤەکردنی هەڵدەستێت، (میران، 2010: 51).

لە سۆنگەی ئەوەی زۆربەی میللەتی کورد و شاعیرەکانمان سەر بە ئایینی ئیسلامن، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵیدا هەیە، چونکە زۆرینەی شاعیرانی کۆنی کوردی دەرچووی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکان بوون، تەنانەت زۆرینەشیان (مەلا) بوون، بۆیە زۆر کاریگەربوون بەم ئایینە، ئەمەش وایکردووە دەقەکانیان تژی بن لە بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام و بایەخدان بە لایەنی ڕۆحی و ڕەوشت، بە واتایەکی دی (ڕۆشنبیری ئەم شاعیرانە ڕۆشنبیرییەکی ئایینی بووە و ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێرکاریگەری دەقە ئایینییەکان) (کەلهوڕ، 2008: 7)، کەواتە ئایین بەگشتی و قورئان بەتایبەتی بۆتە سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی شیعرەکانیان، ئاشکرایە؛ کە قورئان بەتەنها کاریگەری لەسەر گەلە موسڵمانەکان نەبووە، بەڵکو شوێنەواری لەسەر گەلانی تریش هەبووە، بەتایبەت لەسەر ئاستی نووسەر و ئەدیبان و نوخبەی دیاری کۆمەڵگە وەکو (تۆلستۆی، لامارتن، پوشکین، بەرناردشۆ، گۆتە...هتد).

لەم دیدگەوە ئەوە دەردەکەوێت؛ کە لە هەموو سەردەمە جیاوازەکان ئایین وەك بابەتی پەرستش کاریگەریی لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەبووە، هەندێکجاریش ئەدەب باوەشی بە ئاییندا کردووە لە نێو جەستەی دەقی ئەدەبییدا، ئایینی نمایشکردووە، بەڵام هێشتا (شیعر جێگرەوەی ئایین نییە)(حسێن لەتیف، 2021: 37) و ئاینیش نابێتە جێگرەوەی شیعر، شیعر و ئایین لەوەدا لەیەك دەچن کە هەردووکیان باس لە جیهانێکی نادیاردەکەن، هەردووکیان پەیوەستن بە ڕەهەندی ڕۆحی و ژیرییەوە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بگوترێ: هەرچەندە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایین هەڵکشان و داکشانی لەسەردەمە جیاجیاکان بەخۆوە بینیوە و هەندێجار بەرەو کزی و لاوازی ڕۆیشتووە، بەڵام بە گشتی گەر چاوێك بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرادەبێت، کە ئەو پەیوەندییە تا بە ئێستا دەگات لە بەردەوامیدایە و بایەخی خۆی هەیە.

### 2:ئەرکی ئەدەب/ شیعر:

شیعر وەك ژانرێکی سەرەکی ئەدەب ، خاوەن بنەما و ئەرکی تایبەت بەخۆیەتی، لە ڕێگەیەوە هەست بە بەهای ئیستاتیکی و پەیامە هونەرییەکەی دەکرێت، وەك زۆربەی بوار و زانستەکانی تر بەشدارییەکی کارا و زیندووی لە پێگە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەیە، چونکە شیعر هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەیە و بۆ باشترکردن و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەش دەکۆشێت، بۆیە شانی داوەتەبەر بارێکی قورس، کە هەندێکجاریش ئەو ئەرکە قورسە کاری لە بەهێزی پاژە هونەرییەکەی کردووە و بەخراپی بەسەر ئیستاتیکای شیعریی و شیعرییەتی شیعر شکاوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعر هەڵگری ڕەهەندی مرۆییە زۆرجار پەیامە بەهێزەکەی شیعر و ئەو چاڵەشی پڕکردۆتەوە، هەندێجاریش بەها ئیستاتیکییەکە و پەیامەکە ئاوێتەی یەکدی بوونە، بەهای هونەریی و بابەتیی شیعری بەرزتر کردۆتەوە.

بە واتایەکی دی؛ ئاشکرایە ئەرکی شیعر لە پاڵ بەهای ئیستاتیکییدا، هەڵگری پەیام و مەرامێکە، کە لە ڕێگەی زمانەوە خۆی بەرجەستە دەکات، لەو سۆنگەیەوە ئەرکی شیعر دەرژێتە خانەی (تیۆری ئەدەب)ییەوە؛ بۆیە ئەم تیۆرە مەسەلەی ئەرکی شیعر بەکاری خۆی دەزانێت و هەمیشە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەوەیە، کە ئەرکی ئەدەب چییە؟ (لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکێکی دیاریکراودا بووە، هەربۆیە لە پاڵ سروشتی دەق و سەرهەڵدانی دەق ئەرکی دەقیش دێتە گۆڕێ) (مەلازادە، 2020: 40-41)، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دەق بۆ مەبەستێك لە دایک دەبێت و ئەرکێکی تایبەتی پێدەسپێردرێت و ئامانجێکی بەدیهاتووی لە دواوەیە، جا ئەو ئەرکەش بە پێی قۆناغ و بارودۆخ و شوێن دەگۆڕێت، گۆڕانکارییەکان لە وەرچەرخاندان و بەردەوام لە زیادبووندان.

لە دیدگەی ئەوەی؛ کە کەرەستە و ئاڵاڤەکانی هونەر بە پێی جۆرەکانی جیاوازن، بۆیە شیعریش وەك ژانرێکی ئەدەبی بۆ گوزارشتکردن، ئاڵاڤ و ئامرازی تایبەت بەخۆی هەیە ئەویش: زمانە، زمان تاکە ئامرازە، کە تێیدا هەموو بنەما هونەریی و بابەتییەکانی شیعر لەخۆ دەگرێت، هەر زمانە ئەفرێنەری بەرجەستەکاری ئەرك و پەیامی شیعرە و جیهانبینی شاعیر پیشاندەدات، هەر زمانە بەرجەستەکاری وێنە و خەیاڵ و بیر و هەست و نەستە، هەر لە ڕێگەی زمانیشەوە شێوازەکانی دەربڕین و ئاراستەکردن و سەردەمەکان جیادەکاتەوە و ڕادە و پلەی شیعرییەتی هەر شیعرێك بەدەردەخات.

کەواتە زمان پانتایی ڕووخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعریی لەخۆدەگرێت، لە بەرانبەریشدا شیعر خزمەتێکی بێ وچان و بەردەوام بە زمان دەکات، چونکە شاعیران خۆیان فەرهەنگێکی نەنووسراوەی گەورەی زمانیین، شیعر سەرچاوەی زیندووکردنەوە و داهێنانی چەندین وشەی زمانییە، لەلایەکی دیکە، پێکهاتەی زمانی هەر شیعرێك و ئەو وشە و دەستەواژانەی تێیدا بەکاردێن و بەکارهاتوون ڕەنگدانەوەی قۆناغ و سەردەم و بارودۆخ و ژینگەیەك پیشاندەدەن، وەك لە ئەدەبی کۆنی کوردییدا (قوتابخانەی شیعری بابان) بە سەرچاوەی گەشەی شێوەزاری سۆرانی دادەنرێت، (سدیق، 2017: 9)، تەنانەت لە قۆناغی نوێی شیعری کوردییشدا، کاتێك (گۆران و هاوڕێکانی) هەوڵەکانییان چڕکردەوە بۆ پاکتاوکردنی زمانی کوردی لە زمانەکانی (عەرەب، فارسی، تورکی)، هەر ئەمەش بووە پایەیێکی گەورەی نوێکردنەوە لە شیعری کوردییدا، لەلایەکی دیکە لە تێکڕای قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی شاعیران بە سوودوەرگرتن لە وشە سادەکان، هەوڵیانداوە وشەی نوێ بئەفرێنن، بەمەش (زمانی شیعر -تەنیا- گوزارشت نییە، بەڵکو داهێنان-یشە) (میراودەلی، 2015: 37)، داهێنانەکەش تەنها لەسەر ئاستی لایەنە هونەریی و ئیستاتیکییەکەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو دەچێتە ناو لایەنی پێکهاتەکەی، بەمەش زمان چەتری هەر دەقێکی شیعرییە و کۆکەرەوەی هەموو ڕەگەز و پێکهاتەیەکی (هونەری، بابەتی)یە.

لەم دیدگەوە زمان ڕۆڵێکی دیاری لە ئاراستەکردنی تاکدا هەیە، چونکە زمان هەڵگری پەیامی دەقە و دەرخەری هزر و بیری شاعیرە، شاعیریش وەك تاکێك لە کۆمەڵگەکەیدا هەوڵی ئاراستەکردن و پێشەوایەتی دەگێڕێت، بۆیە دەقە شیعرییەکان بە پێی بارودۆخ و جیهانبینی و هەستی خۆی ڕەنگرێژدەکات، بۆیە ئەگەر بەم دیدگەوە لە تەواوی قۆناغەکانی شیعری کوردیی بڕوانیین، دەبیینین؛ شیعر بەپێی قۆناغ و بارودۆخ و دنیابینی شاعیر چەندین ئەرکی لەخۆگرتووە، لەوانە: ئەرکی (ئایینی، نیشتمانی و نەتەوەیی- سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئیستاتیکی و جوانی،....)(بڕوانە: ئیسماعیل، 2009: 47-176)، کە دواجار ئەمانە دەبنە ناوەڕۆکی چەندین جۆری تری شیعر وەك: شیعری (شانازی و دلێری، ستایش و پێهەڵدان، داشۆرین، دڵداری، لاوانەوە، مەینۆشی، پەندوئامۆژگاری، نیشتمانی، ئایینی، سیاسی...) (شوکریە ڕەسوڵ، 1989: 28- 86).

لەم سۆنگەوە ئاوڕ لە ئەرکی شیعری ئایینی و نیشتمانی دەدەینەوە و دەقەشیعرییەکانی (صافی هیرانی) دەکەینە بەڵگەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە:

### 2-1:ئەرکی ئایینی لە شیعرەکانی (صافی هیرانی)دا:

ئایین ئەو چەمکە گرنگەیە بۆ مرۆڤایەتی جێی بایەخ بووە، بە گشتی مرۆڤەکان هەڵگری بیروباوەڕ و ئایینی تایبەت بەخۆیانن؛ جا ئەو ئایینە ئاسمانی بێت یاخود داهێنراوی خۆیان، بۆیە بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە پیادەی بنەما و ڕێساکانی دەکەن، ئەمەش وادەکات ئایین کاریگەری و شوێنەواری لەسەر ئایدیا و گوفتار و ڕەفتار و کردەوەیان دابنێت.

لە دیدگەی ئەوەی (صافی هیرانی) شاعیر بووە، بەڵام بەرلەوە باوەڕدارێکی موسڵمان بووە و هەڵگری پەیامی تەریقەتێك (تەریقەتی قادری) (خەزنەدار، 2010: 338) بووە، بۆیە بە ڕوونی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایینی ئیسلام بەسەر هزر و گوفتار و کردار و ڕەفتاری بەدیار کەوتووە، کەسانی چواردەورەی و نزیکەکانی گەواهی کردارەکانی دەدەن، تەنانەت تا ئەو ڕادەی تەکییەی هەبووە بۆ پەرستش، گوفتارەکانیشی ئەگەرچی لە زۆر کۆڕ و مەجلیسدا دیارن، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەو ئایدیایەیە، کە بە ئاشکرا لە پەیامە شیعرییەکانیدا دیارن، کە پەیامی ئایینیانەن (ئاینی ئیسلام)ن، بۆیە ڕێزی لە هەموو لایەنەکانی ئایینەکەی گرتووە، ئەمەش لە زۆرینەی دەقەکانییدا دیارە.

لەبەر ئەوەی شاعیر خۆی و باب و باپیرانی هەڵگری بیرو باوەڕی ئایینی ئیسلامن، لەلایەك مەلا بووە و لەلایەک سۆفیی بووە و خاوەنی تەکیە و خانەقابووە، بۆیە چەمکی ئایین و سۆفیگەری بە ڕەهایی بەسەر شیعرەکانییەوە دیارە:

**گوڵناری ڕوخت ڕەشکی بە گوڵزاری ئیرەم دا**

**دوو تاقی برۆت تەعنی لە میحڕابی حەڕەم دا**

**روح مەستە لە راحی تۆ لە نێو عالەمی ئەڕواح**

**باتن لە (بلی) دایە و زاهر لە (نعم)دا (هیرانی، 2015: 160)**

لە دێرە شیعری یەکەمدا شاعیر وەسفی جوانی و جەمالی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) (د. خ) دەکات، وەسفەکەش بەجۆرێك لە دواندنی ڕاستەوخۆدا خوێدەبینێتەوە، بەگشتی واتاکەشی بەم شێوەیەیە؛ ڕووخساری تۆ لە جوانییدا وەکو گوڵی هەناری کێوییە، بەجۆرێك (باغی ئیرەم)یش بەو هەموو جوانییەی ئیرەیی  بە جوانی و جەماڵی تۆ دەبات، برۆیەکانت هێندە ڕەش و جوانن، لە ڕەشیدا قەترانیین، هەر ئەو ڕەشییەش وایکردووە، کە میحراب و حەرەم (بەردە ڕەشەکە)ی مەککەی بهێنێتە قسە و گلەیی و شەکوا بکا، کە بۆچی برۆیەکانی ئەو/پێغەمبەر لە ڕەنگی ئەم قەترانی ترن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە شاعیر لە خۆشەوستی و وەسفی جەماڵی پەیامبەرەکەیدا تواوەتەوە و شێتانە هۆگری بووە.

لەم جیهانە گەورەدا ڕۆح تەنیا بە پێکی بادەی تۆ (پەیامەکەی تۆ) مەستە، شادومانم بەو مەستییەی کە پێتداوم، بۆیە لە خۆشیاندا وایکردووە دەمم نەجوڵێت و بڵێم (بەڵێ)، لەلایەکی تر ئەم دێرە بەواتایەکی دیکەش ڕاڤە دەکرێت، ئەویش واتە، ئەو مەستییەی کە ڕۆژی (الست)دا هەیە، دڵم هێندە پەرێشان و مەستە، خەڵك بە ڕووخسارمدا وادەزانن دڵخۆش و کەیف خۆش و بەدەن ساغم، کەچی لە ناوەوە دەرد و بەڵا ناخی تەنیووم.

دواتر شاعیر زیاتر بۆ ئەو عەشقە دەڵێت:

**گەر بێت و بە سەرخۆشی بپرسی لە نەخۆشیم**

**(حق القدم)ە روح لە قەدەمگاهی قیدەمر دا (هیرانی، 2015: 162)**

شاعیر خۆی سۆفی بووە، تەکیە و خانەقای هەبووە و مورید و دەروێشەکان ڕوویان تێکردووە، لەوێ کەوتوونەتە حاڵی زیکر و تەهلیلە و مەستی بە بوون و زیکر و یادی خوا و پێغەمبەرەکەی، تەنانەت حاڵی کەنەفەتی نەبۆتە ڕێگر لەم یادەدا:

خاکی **ژێری نەعلەکانت کوحلی (مازاغ البصر)**

**تووتیای (چەشم) بەصیرەت گەردی دامانی توە**

**خەلقی ئەڕواحی هەموو عالەم نەتیجەی حبی تۆن**

**ئەی هەموو ئەڕواحی عالەم بێ بە قوربانی توە (هیرانی، 2015: ٢٧٥- 276)**

شاعیر بەجۆرێك شەیدای ڕێباز و تەریقەتەکەیەتی (تەریقەتی قادری)، بۆیە خۆی بە خزمەتکاری ئەو ڕێگە دەزانێت، شادومانە و شانازی بە گەدایی خۆی دەکا لەم ڕێگەیە، بۆیە موحتاجی تاج و تەختی شا و پادشاهی دونیا نییە، ئەو لە هەردوو دونیا تاڵبی ئەو ڕێبازەیە، کە لە خزمەتی ئیسلامدایە، هەر بەم ڕێبازەش سەردەنێتەوە و لە ڕۆژی دواییش هەر خزمەتکاری ئەو ڕێگەیەیە.

ئاخر شاعیر گەیشتۆتە ڕادەیەکی بەرز لە تەسەوف و پەرستش، بۆیە هەمیشە لە پەرستگاکەیدا خەریکی نزا و نووزانەوە پەرستش بووە بۆ خودای خۆی، خۆی لە چاوی خەڵکان دوورخستۆتەوە، هەربۆیە زۆرجار گلەیی خەڵکیشی هاتۆتەسەر، بەجۆرێك خۆشی هەستی پێکردووە، کە خەڵك لەم خۆبەدوورگرتنەی بێزارە، چونکە خەڵکان پێویستیان بە ڕێنمایی و ڕاوێژەکانی ئەو هەبووە، بۆیە هەر خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێت: ئیتر بەسە واز لەم شین و گرینە بێنە (صافی)، مەرام و مەبەستت بۆ خودا پایان بکە و لەبەر خودای خۆت/ ئەفرێنەری خۆت بپاڕێوە، ڕازەکان بەو بسپێرە و دەردەکانت بۆ ئەو باسبکە، چونکە هەر خودایە بەدیهێنەری هەموو شتەکانە.

لە دێرە شیعرێکی تردا بەهەمان شێوە، هەستی خۆی بۆ ئەفرێنەری خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**گەدایی تۆم گەلێ بۆ خۆشترە لەو مەسنەدی شاهی**

**ئەمەندەم کافییە قوربان کە عەبدی ژێری دەرگاهم (هیرانی، 2015: 212)**

**من گەدایی کۆیی یارم پادشاهیم کەی دەوێ**

**دەوڵەتی دونیا و قیامەت بۆچیمە بی چاوی یار**

**عالەمت بێزارە لێ (صافی) لەبەر زاری بەسە**

**مەقصەدت (تفویض) بکە بۆ خالیقی پەروەردگار (هیرانی، 2015: 187)**

ئەوەی مەبەستە شاعیر، پەیامی بەندەیی و کۆیلەبوونی خۆی بۆ ئەفرێنەرەکەی دووبارە دەکاتەوە، ئەمەشی بەسە، کە وەرگیراوێکی بەردەرگای خودابێت، خۆشی و شادی و شاهی دونیایی ناوێت.

هەر لە چنینی شیعرێکی دیکەدا، شاعیر مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆی دەکات و ڕووی پرسیاری دەکاتە خۆی، دواتریش هەر خۆی وەڵامی دەداتەوە، بەمەش دەقەکە بەر هونەری ڕوونکردنەوە دەکەوێت:

**یادی وەفایی کێ بکەم؟ مەیلی هەوایی کێ بکەم؟**

**چارە لەلایی کێ بکەم؟ غەیری خودایی موستەعان. (هیرانی، 2015: 220)**

شاعیر پرسیاردەکات لەخۆی، کە یادی وەفاداری و ئەمەکداری کێ بکا و مەیلی نەوا و بارودۆخی کێ بکا؟ دواتر دەپرسێت: کە سکاڵا و گلەیی لای کێ بکا و لای کێ بگەڕێت بۆ چارەی دڵی بیماری؟ دواتر هەر لە تێهەڵچوونەوەی ئەو پرسیارانە هەموو کەس و شت و لایەنێك وەلا دەنێت و فەرامۆشی دەکات، تەنیا خودای فەرمانڕەوا بە فریادڕەس دەزانێت و هەموو ئەوانە بەو دەسپێرێت، سپاردنێك، کە لە بەدیهاتنی گومانی نییە و بێ شکە لە هەموو شت.

دواتر لە دەقێکی دیکەدا، کە شێوازی چنینەکەی جۆرێك لە پاڕانەوەیە و پاڕانەوەکەشی لەبەر دەرگای خودایە، وەك دەڵێت:

**من چەندە کە نادانم یا عەقڵ و چازانم**

**غەیری ئەمە نازانم بەخودا کە خودایێکە**

**یارەب تۆ بەزاتی خۆت بەو سرڕی صیفاتی خۆت**

**لەو عەبدی (عصاە)ی خۆت رەحمێك و عەگایێکە**

**یارەب کەتۆ غەفاری لەو ئوممەتی موختاری**

**عەفوی کە گوناهکاری لای تۆ پەڕەکایێکە. (هیرانی، 2015: 306)**

مەبەست لەم چەند دێڕە ئەوەیە، شاعیر دەڵێت: هەرچەندە کە من نەزانم، یان کەسێکی عاقڵ و زانام (لێزانم)، لەوە چاکتر نازانم، کە جگە لە خودا هیچ خودایێکی تر لەم ئاسمان و زەمیینەدا بوونی نییە، لە دێڕەکەی دیکەدا زیاتر دەڵێت: ئەی خودا تۆ بە گەورەیی خۆت و بە نهێنی و سیفەتە بەرزەکانت ڕەحم و بەزەیی بەو بەندە تێکدەر و خراپەی خۆت بکە و لێبخۆشبە، ئەی خودایە تۆ بە بەخشندەیی و میهری خۆت، لە گەلی باوەڕهێنەران خۆشبە، خودایە تاوانەکانمان وەك پەڕەی کا بە (با)ی ڕەحمەتی خۆت لادە و بمانخەوە ژێر ڕەحمەت و میهرت.

لەم دیگەیەوە ئەگەر دیقەت لەم دەقەشیعرانە بدەین، دەبینین: (صافی هیرانی) لەڕێگای ئەدەبەوە خزمەتی بە ئایین کردووە، هەمیش لە ڕێگەی ئایینەوە خزمەتی بە ئەدەب کردووە.

### 2-2:ئەرکی نیشتمانی لە شیعرەکانی (صافی هیرانی)دا:

نیشتمان ئەو شوێنەیە لانکەی بوون و ژیان و ژیاری هەر تاکێکە، هەموو لایەنەکانی (خاك، نەتەوە، مێژوو، کەلتوو کەلەپوور و بارودۆخ و ئاوهەوا و دیمەنی جوانی سروشت (چیا و دەشت و دۆڵ و ڕوبار و کانیاو..) تەواوی تۆپۆگرافییەکان....) دەگرێتەوە، کە کاریگەری لەسەر دیدگە و هزر و هەستی تاکدا هەیە، بەگشتی هەر تاکێك نیشتمانێك یان زیاتری هەیە، بەڵام دواجار نیشتمانی یەکەم لای تاکەکان خۆشەویستترە، شاعیریش وەك هەر تاکێك پەیوەستە بە ڕەگ و ڕیشەی نیشتمانەکەی، بۆیە یەکێك لەو بابەتانەی لە هەندێك لە دەقە شیعرییەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە؛ شیعری نیشتمانییە.
ئەگەرچی هەستی ناسیۆنالیستی شاعیر لە دەقەکاندا بەو شێوەیە نییە، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەڕی ئایینەکەی بەسەر ئەم لایەنە، چونکە لای شاعیر ئایین بەر لە هەموو شتێکە، بەڵام دواجاریش نیشتمان لانکەی ژیانە و شاعیر هەستی خۆی بەرانبەر جوانی و خۆشیی دەربڕیووە:

**دووری لە وەتەن دەربەدەری یار و دیارە**

**بێ موئنیس و بێ یاوەر و بێزارو نەزارە**

**بیمار و بریندار وجەفاکێش و هەژارە**

**بێچارەیە وا ڕوویی لە مەولایە دڵی من. (هیرانی، 2015: 324)**

شاعیر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانست و زانیاریی و فێربوون و شارەزایی پەیداکردن لە مەعریفەی ئایینی و زانستەکانی قورئان و فەرموودەدا، شاران و وڵاتان گەڕاوە، لەم کارەشیدا هەرگیز پەشیمانی داینەگرتووە، بەڵام هەندێکجاران مرۆڤ کە دوورە نیشتمان دەبێت، هەست بە غەریبی و بێکەسی دەکات و بیری ئازیزانی دەکات، بۆیە شاعیریش وەکو هەر تاکێك لەو ساتانەی دوورە نیشتمان بووە و لە غوربەتدا بووە، هەستی بە غەریبی و بێ یار و یاوەری کردووە، بەجۆرێك دڵی تەنگ بووە و بێزاری دایگرتووە، بۆیە ئاماژە بەوەدەکات؛ کە لە دووری لە نیشتمان و ئاوارەیی و دووری لە هاوڕێیان و کۆڕی یاران بێزارە، دڵی زامدارە و خەفەت بەرۆکی گرتووە و دەروونی هەراسان کردووە، بەڵام هیچ چارەیەکی نییە، چونکە ئەو ئەرکەی بۆی هاتووە لەلای پیرۆزتر و پڕبایەختربووە، بۆیە بە شکۆمەندییەوە پشت بەخودا دەبەستێت و هەمیشە ڕووی لە دەرگای ڕەحمەتی خودایە، تاکو لەلایەك ساکینی بەدەروون و ئارامی بەدڵی ببەخشێت، تاکو هەم ئەم غوربەتی بیرباتەوە و هەمیش لە کارەکەی سەرکەوتووی بکا، بێ شکیش کارێك کە بۆ خودابێت و لەپێناو خودابێت، ئەبێت ئەنجامەکەی چی و چۆن بێت..

**(صافیا) هیران وەکوو نیرانە جیرانی جەحیم**

**سا کە وابێتن (توکل) دائیما بەخوا دەکەم. (هیرانی، 2015: 202)**

(سافی) باس لە مەفتەن و نیشتمانەکەی دەکات، کە (هیران)ە، دیارە ئەو کاتەی شاعیر ئەم دەقەی چنیووە، (هیران) لە بارێکی ناخۆش و خراپدا بووە، ئاشووب و خراپەی تێدابووە، بۆیە هەر خۆی دێتە دوان و بەخۆی دەڵێت؛ کە بارودۆخی مەفتەن ناخۆش و نالەبارە، بەمەش بە پارچەیەك ئاگر- (نیران/ کۆی وشەی -نار-ی عەرەبیە) دەیچوێنێت و دەیکات بە هاوسێی یەکێك لە

دەرگاکان/نهۆمەکانی دۆزەخ، کە ناوی (جەحیم)ە، بۆیە لەتاوان پەنا بۆ خودا دەبات، کە لەلایەك نیشتمانەکەی بپارێزێت و لەلایەکی پشت و پەنای شاعیربێت، تاکو بەسەر ئەو خراپەکارییە سەربکەوێت و پارێزراوی بکات لەم ئاشووبە.

**لە بۆ کوێستانی ڕەنگاوڕەنگ بە مێرگ و چیمەن و کانیاو**

**لەبەر دارو درەختانی لە خۆیان بەستووە لاولاو.. (هیرانی، 2015: 347)**

لە بەشێکی قەسیدەیەکدا باس لە دیمەنی جوان و خۆشی ژیان لە نیشتمانەکەی دەکات، بۆیە بە چاوی بازی چەشنی زوومی کامێرا، وێنەی بەشێك لە دیمەنەکان دەگرێت و پیشانی دەداتەوە، بەمەش وەسفی مەفتەنەکەی دەکات؛ کە کوێستانێکی ڕەنگاوڕەنگە و شوێنێکی دڵگیر و فێنك و خۆشە، بە دەشت و دۆڵ و کانیاو داپۆشراوە، بەچەم و ڕووبار تەنراوە و دار و درەخت و لاولاوە سەراپای سەوزپۆشکردووە، چەشنی بەهەشتێکە و دڵ گیرۆدەیە پێیەوە، ئەمەش وەسفەش نیشانە و ڕەنگدانەوە جیهانبینی شاعیرن بەرانبەر بە خۆشەویستی نیشتمانەکەی.

بەگشتی لە تەواوی دەقە شیعرییەکانی (سافی هیرانی) نەك هەر شیعرێکی تایبەت بە نیشتمان نییە، بەڵکو ئەو دێرانەی، کە بەرچاویش دەکەون لە پەنجەی دەست کەمترن و لایەنێکی بەهێزییان تێدانییە، تەنیا ئەوەندەیە، کە وەسفی نیشتمانەکەی یان شوێنی ژیانی دەکات، بۆیە ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە شێخ وموریدەکان گرنگی شوێن لای ئەوان پەیوەندییەکی ڕۆحییە، هەر شوێنێک پەیوەندییەکانی ئەوانی تێدا جێبەجێ بێت گرنگە، ئنجا ئەو جێگایە مەیخانە یان پەرستگە یان تەکیە یان نیشتمان بێت....هتد، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە؛ کە شاعیرانی ئایین و سۆفیگەر بەجۆرێك لە جۆرەکان نیشتمانیان کردۆتە قوربانی ئایین.

بەواتایەکی دی؛ سافی وەک زۆربەی شاعیرانی دیکەی کلاسیک، کاتێک باسی نیشتمان دەکات، باسی زێدی لەدایکبوونی دەکات. واتە ئەو نیشتمان بە واتا مۆدێرنەکەی وەک: (خاکی نەتەوە) باس ناکات، بەڵکوو بچووکی دەکاتەوە بۆ زێدی لە دایکبوون و مانەوەی.

**ئەنجـــــــــام:**

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا، گەیشتین بەم ئەنجامانە:

1-پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب پەیوەندییەکی لەمێژینە و دوو سەرەیە، بۆیە ئەمە بە ڕوونی بە دەقەکانی (صافی هیرانی)ی دیارە، چونکە شاعیر هەم لەڕێگای ئەدەبەوە خزمەتی بە ئایین کردووە، هەمیش لە ڕێگەی ئایینەوە خزمەتی بە ئەدەب کردووە.

2-لەدیدگەی ئەوەی (صافی هیرانی) لە خانەوادەیەکی ئایینی لەدایکبووە و گەورەبووە، خۆشی تەواوی ڕێکارەکانی مەلایەتی و سۆفییایەتی تەواوکرووە، بۆیە بە شێوەیەکی بەرفراوان ئایین کاریگەری بەسەر دەقە شیعرییەکانی هەبووە و دەقەکانی تژین لەم ڕەهەندە.

3-دەقە نیشتمانییەکانی (صافی هیرانی)ی بە بەراورد بە دەقە ئایینیەکان کەمترن، ئەوەی بەردەستیشن چەمکێکی نیشتمانیی قووڵیان تێدا نییە، تەنیا وەسفن بۆ نیشتمان، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی هزری ئایینی بەر لە هزری نەتەوەیی لای شاعیر پلەیەك بووە، هۆکارەکەشی بۆ پەروەردە و پێگە ئایینەکەی دەگەڕێتەوە۔ چونکە هەژموونی ئایینی ئیسلام دژە لەگەڵ هەستی نەتەوەپەرستی و نیشتمانی.

**ســــــەرچاوەكان:**

قورئانی پیرۆز:

**یەكەم: كتێب:**

**1: بەزمانی كوردی:**

- ئیسماعیل، نەسرین ڕەئووف (2009)، ئەركی شیعر لە ئەدەبی كوردییدا (1920- 1958)، چ. 1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- تۆڵستۆی، لیۆ (2009)، هونەر چییە؟، و. هەژار ڕەحیمی، چ. 1، چاپخانەی هەژار موكریانی، هەولێر.
- خاڵ، محەمەد (1366)، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی یەكەم، چ. 1، ب.د، سەقز.
- خەزنەدار، مارف (2010)، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی پێنجەم (1914-1945)، چ. 2، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- حاجی، ئارام (2022)، وێژان، چ. 1، چاپخانە و وەشانی نووسیار، هەولێر.
- حەسەن، ناڵە (2020)، ئەدەب و ئایدۆلۆژیا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- لقی هەولێر، هەولێر.
- سدیق، ئارام (2017)، زمان و شیعرییەت، چ. 1، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- سەیاب، بەدر شاكر (2018)، من شیوعی بووم: كتێبی ڕەشی شیوعیەت، و. فەیسەڵ خەلیل، چ. 1، لە بڵاوكراوەكانی ماڵی وەفایی، هەولێر.
- فریفل، جان (2019)، تێزەكانی ماركس- ئەنگلس لەبارەی هونەرەوە، و. فوئاد مەجید میسری، چ. 1، چاپخانەی تاران. ئێران.
- كالەر، جۆناسان (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی- كورتە ناساندنێك، و. سەنگەر نازم و هیمداد حسێن، چ. 1، چاپ و بڵاوكراوەی فێربوون، هەولێر.
- كەلهوڕ، نەوزاد (2008) ڕەهەندی ئایین لە شیعری كلاسیكی كوردی، چ. 1، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوكردنەوە ڕاگەیاندن، هەولێر.
- لۆكاچ، جۆرج (2007)، وشیاری چینایەتی، و. هادی محەمەدی، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (2020)، تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری كوردی لە تیۆری ئەدەبیدا، چ. 1، ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئاوێر، هەولێر.
- ماضی، شكری عزیز (2010)، تیۆری ئەدەب، و. سەردار ئەحمەد گەردی، چ. 1، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
- میران، عەلی ساڵح (2010)، پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب، چ. 1، چاپ و پەخشی ئارا، سلێمانی.
- میراودەلی، عومەر (2012) ئایین و ئیستاتیكا، چ. 1، چاپخانەی كەمال، سلێمانی.

دیوان:

- هیرانی، صافی (2015)، دیوانی صافی هیرانی، لێكۆڵینەوە و ساغكردنەوەی: محەمەد مستەفا هیرانی، چ.2، چاپخانەی لوبنان، بەیروت.

**2: بەزمانی عەرەبی:**

- إسماعیل، محمد الحسني (2004)، الانسان والدین ولهذا هم یرفضون الحوار، ط. 1، الانشارات مكتبة وهبة، قاهرة.
- السدیس، عبدالعزیز بن علي (1998)، التحضیر الایدیولوجي، في الفكر والتحلیل الاقتصادي الغربي، جامعة الملك سعود، كلیة العلوم الاداریة الریاض، النشر العلمي والمطابع.
- السیاب، بدر شاكر (2012)، شاعر عصر التجدید الشعري، تألیف: ماجد صالح السامرائي، ط. 1، مركز دراسات الوحدة العربیة.
- نادیە، میشال (2006)، الایدولوجیا وثائق من اصول الفلسفیة، ترجمة: امنیة رشید و سید البحراوي، ط. 1، دار التنویر، بیروت.

**دووەم: نامە ئەكادیمییەكان:**

**1: بە زمانی كوردی:**

- محەمەد، فواد ڕەشید (1995) ، ناوەڕۆكی كۆمەڵایەتی هۆنراوەی كوردی- دوای جەنگی جیهانی یەكەم تا جەنگی جیهانی دووەم، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە- ابن رشد، زانكۆی بەغداد، بەغداد.
- بامەرنی، نەوزاد عەبدوللا حاجی (2007)، ئایدۆلۆژیا د هۆزانێن (جگەرخوین)ی دا، نامەی ماستەر، كۆلیژا ئاداب، زانكۆی دهۆك.

**2: بەزمانی عەرەبی:**

- عنكوش، وسیلە (2016)، البعد االایدیولوجي في الروایة فتاوي زمن الموت للابراهیم سعدي، رسالة ماجستر، كلیة الاداب واللغات، جامعة البویرة.

**سێیەم: گۆڤارەكان:**

- قادر، كارزان موحسین، سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم، (2023)، سێیانەی ئایین و ژن و مەرگدۆستی لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەن لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی كولتوورییەوە، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە. 57، چ.1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**چوارەم: سەرچاوە ئەلیكترۆنییەكان:**

-سەعید، ڕۆف یوسف (2019)، ئەدیبانی پێشوو لە هەوڵی بە ئیسلامیكردنی ئەدەبدا نەبوون، ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان: لە ڕێكەوتی (٢٠٢٣/١٢/13) وەرگیراوە.

- https://www.google.com/search?q=http%3A%2F%2Fwww.kurdistanc.com%2FIslamic%2Fdetails.aspx%3Fjimare%3D5479&oq=http%3A%2F%2Fwww.kurdistanc.com%2FIslamic%2Fdetails.aspx%3Fjimare%3D5479&gs_lcrp=EgZjaHJvbWUyBggAEEUYOjIGCAEQRRg50gEIOTIwNWowajSoAgCwAgA&sourceid=chrome&ie=UTF-8

**ثنائية الدين والوطن في أشعار (صافي هيراني)**

**كامـران ابابكـر خـضر خوشـناو**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية/شقلاوة
جامعة صلاح الدين – أربيل،أربيل،اقليم كوردستان ،العراق
kamaran.khudhur@su.edu.krd

**عبدالله محمد خالد**
قسم اللغة الكردية- كلية التربية/شقلاوة
جامعة صلاح الدين – أربيل،أربيل،اقليم كوردستان ،العراق
abdulla.khalid@su.edu.krd

**الملخص**

الأدب، باعتباره مجالا حساسا ومؤثرا في التنمية البشرية، يعكس مسار أي مجتمع، ومن هذا المنطلق فإن الشعر كغيره من الأجناس الأدبية له خصائصه ومبادئه وواجباته ومن خلاله يوجه رسالته وهدفه، وبالتالي فإن كل نص شعري له وظيفة ومحمل برسالة أو أكثر، سواء كانت هذا رسالة تخدم الجانب الفني أو تناط بواجب إنساني وخرجت لخدمة الحياة. وفي هذا الصدد يأتي هذا البحث الذي يحمل عنوان (ثنائية الدين والوطن في قصائد صافي هيراني) محاولة للتعريف بوظيفة الشعر كوسيلة للمشاركة في بناء الرسائل الشعرية بشكل عام، فعقل الشاعر وانعكاسه للمجتمع هو ظاهرا وهناك أيضا أعمال على توجيه المجتمع، الأمر الذي يعتمد على قدرة الشاعر ومهارته، لذلك كان الشاعر (صافي هيراني) مع الاهتمام بالجانب الفني للشعر. ومن هذا المنطلق فإن منهج هذا البحث هو الوصف التحليلي، ويتكون من قسمين: الجزء الأول نظري؛ ويخصص لمناقشة مفهوم تعريف الواجب، ورسالة الأدب والكاتب، والعلاقة بين الأدب والعقيدة من جهة، والأدب والدين من جهة أخرى، وتظهر نصوص صافي هيراني الشعرية رؤية الشاعر للعالم في هذه الجوانب.

**الكلمات المفتاحية**: الوظيفة ، الأدب، الأيديولوجيا، الدين، الوطن.

**Dualism of Religion and Country in (Safi Hirani's) Poems**

**Kamaran Aba-bakr Khudhur Khoshnaw**
Department of Kurdish language
College of Education\ shaqllawa
Salahuddin University- Erbil, Erbil, Kurdistan Region Iraq
kamaran.khudhur@su.edu.krd

**Abdulla Muhammad Khalid**
Department of Kurdish language
College of Education\ shaqllawa
Salahuddin University- Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
abdulla.khalid@su.edu.krd

**Abstract**
Literature, as a sensitive and influential field in human development, reflects the course of any society. From this standpoint, poetry, like other literary genres, has its own characteristics, principles, and duties, through which it directs its message and goal. Therefore, every poetic text has a duty and is loaded with one or more messages, whether this is a message that serves the artistic side or is entrusted with a human duty, and it must have been created for the purpose of serving the wise. In this regard, this research titled (Dualism of Religion and Country in -Safi Hirani's- Poems) is an attempt to define the function of poetry as a means of participating in constructing poetic messages in general. The poet’s mind and his reflection of society are apparent, and there are also works to direct society, which depends on the poet’s ability. And his skill, so the poet (Safi Hirani) was interested in the artistic side of poetry. From this standpoint, the method of this research is analytical description, and it consists of two parts: the first part is theoretical; It is devoted to discussing the concept of defining duty, the message of literature and the writer, and the relationship between literature and belief on the one hand, and literature and religion on the other hand, and Safi Hirani’s poetic texts show the poet’s vision of the world in these aspects.

**Keywords**: duty, literature, ideology, religion, Country.